کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 0:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوعا خان کێ تۆڵەت بسێنێ؟ ... شارا عەلی

دوعا گیان بەکوشتنی تۆ بێ دەسالآتەکان گریان و دەسەڵات دارانیش خەنین، مەرگی تۆ مەرگی مرۆڤێکی ئاسایی نەبو، کوشتنی دورندانەی تۆ سیمبولی وڵاتێکی جەنگەڵستانە، وڵاتێکە نمایشی هێزوبازوە. دورندەکانی دارستان ئاساییە لاوازەکان پارچەپارچە دەکەن، لەبەرئەوە ئاسایی بێ بەلاتەوە، هەرتۆنیت بەردباران دەکرێیت، هاوچارەنوسەکانت لوتیان دەبرن، زیندەبەچاڵیان دەکەن، بۆکروزیان دەچێ بەئاسماندا. ئازایانە بەبەرچاوی پاسەوانانی دەسەڵاتەوە مەراسیم بۆ کوشتنی سەدانی وەك تۆ سازدەکرێ. ئەمە وڵاتێکە تەنها پیاو قسەی لەپێشە، ئەبێ هەرئەو لەدیوخانبێت، عەشق وخۆشەویستی وخیانەت بکات و، نەخشە بۆ ژیانی ژن دانێ و بەکوشتنی سەدانی وەك تۆ شەرەف بۆخۆی پەیدابکات. سەرکردەکانی جەنگەڵستانەکە سەرقاڵی دابەشکردنی جەنگەڵەکەن، راوی پاروەچەورو نەرمەکان دەکەن. لەکاتی کوشتنی تۆدا ئەوان کۆشکەکانیان گەرم بو بەبەزمو هەرا، پێکەنین وژوان لەگەڵ سۆزانیەکانیان، سەمای سۆزانیەکان وگۆرانی بێژەکانیان، خۆرەی مەی پێکەکانیان، نەیهێشت گوێیان لە هاواری تۆبێت.

دوعا، تۆ برۆو ئەم جەنگەڵە بەجێ بهێڵە، کە نیوەی برسیەو بوەتە نێچیری نیوەکەیتری کە کێبەرکێ ی بۆرژوازترین ملیاردێری جیهان دەکەن. چاوەرێ مەبە رێکخراوەکانی ژنان لەسەرت بێنە دەنگ چونکە ئەوانیش بونەتە راوچی جەنگەڵەکە، بەناوی داکۆکی لەتۆو هاوشێوەکانت لەسەر مێزو کورسی دورندەکان کۆبونەتەوە وداوای یەکسانی و برابەشی پاروە چەورەکان دەکەن، ئەوان ژنیەتی خۆیان بیرچوەتەوە و ناتوانن بێنەگۆ. دوعا خان دڵگران مەبە لەبەردەم کۆمەڵە دورندەێکدا بڵێی ئابروم چو، قەترەیەك لەخوێنی تۆ لەهەمو ئابروی ئەو دورندانە بەنرخ ترە کەدەوریان دابوی، چونکە خاڵی بون لە ویژدان ولەئابرو ولە عەقڵ، چێژیان لەکوشتنی تۆ دەبینی. تۆ بەئابروەوە پلەی شەهیدیت وەرگرت، بەڵام بکوژانت ئابروچوو سەرشۆری مێژو بون، نەك تەنها خۆیان بەڵکو دڵۆپێك ئابرویان بۆ جەنگەڵەکەیان نەهێشتەوە. بێ خەم بە دەسەڵات تۆی لا گرنگ نیە، گرنگ هاوسەنگی هاوکێشە سیاسیەکانە، بۆ مەرگی هەزارانی وەك تۆ دەنگێکی هەڵبژاردن لەکیس خۆیان نادەن.

ماڵئاوا دوعاخان. تۆ شەهید کرایت، ئێمەیش بەفرمێسك و بەزمان و بە پێنوس بۆت گریاین. ئێمە ئێستە تەماشای جەنگەڵەکە دەکەین بزانین پاش تۆ کێ دەبێتە نێچیرو داهاتوی ئەم جەنگەڵستانە بۆ کوێ دەروات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.